# بۆ کوردستان

ژمارەی دەسپێکی "بۆ کوردستان" کەوتووەتە بەر دیدەتان."بۆ کوردستان" لە رووی پەیام و ئامانجەوە، درێژەدەری "یەکێتی" و "بەیداخ"ە. پەیامی ئازادیی و ئامانجی سەروەریی و بە دەوڵەتبوونی کورد. لاپەڕەکانی "بۆ کوردستان" بۆ هەموو کوردستانییەک و بۆ هەموو قەڵەمێکی خاوێن کراوەیە. ئەو بابەتانەی بە ناوی نووسەرەکانیانەوە بڵاو دەبنەوە، خاوەنەکانیان لێی بەرپرسیارن.

بۆ کوردستان

ژمارە(.) **پارتی ئازادیی کوردستان دەری دەکا** NO:(0)



## وەڵام بە 32 پرسیار

ل4



## قاڕنێ تراژیدیای لەبیرکراوی کورد

ل3



**شەماڵ پیران**

**تۆپبارانکردنی ناوچە سنوورییەکانی باشووری کوردستان**

ل5

# مرۆڤی خاوەن پەیام زیندووە و لە مردن بەهێزترە

## بەیاننامەی PAK بە بۆنەی 16 یەمین ساڵوەگەڕی تیرۆری ئاڵا هەڵگری ئازادیی و سەربەخۆیی کوردستان

## سەعید یەزدانپەنا

رۆڵەکانی نەتەوەی کورد!

بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!

پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان، دۆستان، لایەنگران!

ئەمڕۆ 28 خەرمانانی 2707 کوردی، ڕێکەوتی 19 سێپتامبری 2007 زایینی، 16 ساڵی تەواو بە سەر تێرۆری رۆڵەی هەڵکەوتووی کورد، پێشمەرگە و سەرکردەی لێوەشاوەی ڕێبازی ئازادیی و سەربەخۆیی کوردستان، داهێنەری چەمکە نوێیەکان، دامەزرێنەری پارتی ئازادیی کوردستان (یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانی پێشوو)، کاک سەعید یەزدانپەنا رادەبرێ.

16 ساڵ لەمەوبەر، لە کاتێکدا تەنیا 4 مانگ لە دامەزرانی پارتی ئازادیی کوردستان تێپەڕیبوو، کاک سەعیدی خەباتگێڕ، ئێوارەی ئەو رۆژە لە شاری سلێمانی کەوتە بۆسەی تاقمێک لە بەکرێگیراوە تێرۆریستەکانی حکوومەتی تاران، تەقەی لێکرا و بەداخەوە هەر لە جێدا گیانی سپارد. رۆژی دواتر لە نێو خەم و پەژارەی قووڵی هەڤاڵان و دۆستان و نوێنەرانی هێز و لایەنە سیاسییەکاندا، لە گۆڕستانی "شێخ ئەحمەد"ی شاری سلێمانی بە خاک ئەسپێردرا.

شەهید سەعید لە حاڵێکدا دەستی رەشی تێرۆری گەیشتێ کە زیاتر لە نیوەی تەمەنی کورتی 27 ساڵەی لە خەبات و تێکۆشاندا رابواردبوو، لە دەمێکدا لەخوێن گەوزا کە پتر لە هەر وەختێکی دیکە، بۆ خەبات لە پێناو ئازادیی کورد و رزگاریی کوردستاندا لە جۆش و خرۆشدا بوو....

ل 2




## پاتریۆس ئێرانی بەو هێرشانەی دەکرێنە سەر ئەمریکا تۆمەتبار کرد




" دێیڤد پاتریۆس" فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، ئێرانی بەوە تۆمەتبار کرد کە دەستی لەو هێرشانەدا هەیە کە دەکرێنە سەر سەربازانی ئەمریکا لە عێراق و وتی: بەڵگەی روون و ئاشکراشمان لەبەر دەستدایە کە ئەو تۆمەتانە دەسەلمێنن.

پاتریۆس لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا پاش یەك رۆژ لە پێشکەشکردنی راپۆرتەکەی لە کۆنگرێسی ئەمریکا، دووپاتی کردەوە کە ئێران لە رێگای میلیشیاکانییەوە دەسەڵاتی لە عێراقدا جێبەجێ دەکا.

لە لایەکی دیکەوە، رایان کرۆکەر لە راپۆرتەکەیدا روونیکردەوەتەوە، ئەگەر پێشوەختە سوپای ئەمریکی لە عێراق بکشێتەوە، ئەوا ئێران جێگای دەگرێتەوە و دەست لە کاروباری ناوخۆی عێراق وەردەدا و دەست بەسەر داهاتی ئەو وڵاتەدا دەگرێ و رەنگە شەڕی نێوخۆیی و مەزهەبیش رووبدا.

جێی ئاماژەیە، رۆژی دووشەممە 10 سێپتامبری 2007، ژێنراڵ "دەێیڤید پاتریۆس" فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکای لە عێراق لەگەڵ باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق "رایان کرۆکەر" راپۆرتێکیان سەبارەت بە بارودۆخی ئاسایشی عێراق لە بەردەم کۆنگرێسی ئەمریکادا پێشکەشکرد.

## کۆشنێر : پێویستە جیهان خۆی رێکبخا بۆ شەڕێک لەگەڵ ئێران



رۆژی دووشەممە 26 خەرمانانی 2707، "بێرنارد کۆشنێر" وەزیری دەرەوەی فەرەنسا رایگەیاند پێویستە جیهان خۆی بۆ شەڕێك لەگەڵ ئێران ئامادە بکا. کۆشنێر لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا وتی: "پێویستە خۆمان بۆ ترسناکترین ئەگەر ئامادە بکەین ئەویش شەڕە".

ئاماژەی بەوەش دا کە دەبێ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە رێڕەوەی دانووستانەکان لەگەڵ ئێران تا کۆتایی بەردەوام بێ، بەڵام دروسکردنی چەکی ئەتۆمی لە لایەن ئێرانییەکانەوە مەترسییەکی راستەقینە لەسەر جیهان دروست دەکا.

راشیگەیاند کە داوای لە کۆمپانیا گەورەکانی فەرەنسا کردووە هەوڵی بەستنی پێوەندی بازرگانی لەگەڵ ئێران نەدەن و وتی: "فەرەنسا خوازیارە یەکێتی ئوروپا رێوشوێنی توندتر بەرانبەر بە ئێران وەربگرێ."

وەزیری دەرەوەی فەرەنسا رایگەیاند لەسەر پێشنیارێکی ئەڵمانیا بڕیارماندا هاوکات لەگەڵ گفتوگۆکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ سەپاندنی سزای دیکە بەسەر ئێران، ئێمەش لەدرەوەی ئەو سزایانە سزای یەکلایەنە بەسەر ئێراندا بسەپێنین.

شایانی باسە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دووجار سزای بەسەر ئێراندا سەپاندووە بەڵام تاکوو ئێستا رێگای بە گرتنەبەری رێوشوێنی سەربازی نەداوە؛ هەرچەندی ئەمریکاش بە دووری نازانێ پەنا بباتە بەر هێز بۆ ناچارکردنی ئێران تا واز لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی بهێنێ.

## ئێران چاپکردنەوەی کتێبی تایبەت بە مێژووی کورد قەدەغە دەکا

لە پاش دەرکردنی بڕیارێکی نوێی، حکوومەتی تاران چاپکردنەوەی کتێبی تایبەت بە مێژووی کورد، لە ئێراندا قەدەغەکرد.

تاران رێی لە چاپکردنەوەی کتێبی "جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد" (جنبش ملی کورد) گرتووە کە بە یەکێکە لە گرینگترین کتێبەکانی ناو زانکۆکانی جیهان و باس لە مێژووی نەتەوەی کورد دەکا. شایانی باسە، کریس کۆچێرا نووسەری بەناوبانگی فەرەنسی نووسەری ئەم کتێبەی نووسیوە و وەرگێڕ و نووسەری بەناوبانگی کورد ئیبراهیم یونسی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی.




## کوژرانی مێرمنداڵێکی 12 ساڵان بەدەستی هێزەکانی رێژیم

سەعات 1ی شەوی شەممە لەسەر یەکشەممەی ڕابردوو ڕێکەوتی 18 خەرمانانی 2707، مێرمنداڵێکی تەمەن 12 ساڵان لە ئاکامی دەسڕێژی هێزەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی، گیانی لەدەسدا.

ئەو میرمنداڵە کە کۆڵبەر بوو، لە کاتی گواستنەوەی کەلوپەل لە باشووری کوردستانەوە بۆ رۆژهەڵات، لە نزیک گوندی "زێوە"ی سەر بە شاری پیرانشار کەوتە نێو کەمینی هێزەکانی رێژیم.

شایانی باسە، لە ئاکامی دەسڕێژی سەرەڕۆیانەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە کۆڵبەران و کاسبکارانی سنوورەکان، ساڵانە چەندین هاووڵاتی کورد گیان لەدەسدەدەن.

## تاران: ئامادەکردنی 600 مووشەک ڕوو بە ئیسرائیل

کۆماری ئیسلامی ئێران رایانگەیاندووە ئەگەر ئەمریکا هێرش بکاتە سەر حکوومەتەکەیان، ئێران 600 مووشەک ئاڕاستەی وڵاتی ئیسرائیل دەکا.

رۆژنامەی "عەسر"ی ئێران بڵاویکردەوە، ئەو مووشەکانە راستەوخۆ ڕوو بە ئیسرائیل دامەزراوە. هەروەها تاران هەوڵی داوە ئیسرائیل لە رێگای وڵاتانی عەرەبییەوە هۆشیار بکاتەوە.

لە لایەکی دیکەوە تاران رایگەیاندووە، ئەگەر هاتوو ئیسرائیل هێرش بکاتە سەر وڵاتی سووریە، ئەو 600 مووشەکە کە لە مەودای 1300 کیلۆمەتر ئامانجەکەیان دەپێکن، ئاڕاستەی ئیسرائیل دەکا.